



خولیاو مەرگی قاسملووی کورد




خولیاو مەرگی رەحمانی کورد خولیای کوردستان



Abdul Rahman Ghassemlou and Abdullah Ghaderi-Azar in Madrid, 1986. Photo by Carol Prunhuber.

د. عەبدورڕەحمان قاسملوو      عەبدوڵلا قادریی ئازەر

29

مافناس – حەسەن ئەیوبزادە

**پێداچوونەوەیەک به پێداچوونەوەکەی مەلا عەبدوڵلا حەسەنزادە بە دەقی کوردیی وەرگێردراوی کتێبی خولیا ومەرگی رەحمانی کورد نووسینی کارۆڵ پرۆن هوبێر کە رەوانشاد فتاح کاویان لە زمانی ئینگلیزیی‌یەوە کردبووی بە کوردیی و مەلا عەبدوڵلا حەسەنزادە بۆ پاکانەکردن بۆ تێرۆریستەکانی ئتێتلاعاتی سپای پاسداران و وەزارەرتی ئیتێلاعات و جەلال تالەبانیی و هاو کارەکانی، خۆی لەو وەرگێردراوە کردبوو بە ئێدیتۆر و هەزاران تەزویری تێدا کردووە.**

**تەزویرەکانی مەلا عەبدوڵلا حەسەنزادە ئیقرار و ئیعتیرافی ئاشکراو حاشاهەڵنەگرن بە جاسوسیی کردن بۆ دەزگا جاسوسییەکانی سپاو وەزارەتی ئیتێلاعات و زانیاریی ی.ن.ک. و شەریکە تاوانیی لە تێرۆرو کوشتاری سەدان کادرو پێشمەرگە و بەڕێوەبردنی پیلانەکانی رژیم بۆ تونا کردنی حدکا**

---

**کورتەباسی روادوەکان و دەوری جاسوسیی مەلا عەبدوڵلا حەسەنزادە بۆ توناکردنی حدکاو تێرۆری رێبەران و ئەندامانی**

لە بیست و هەشت بەشی پێداچوونەیەک دا بە پێداچوونەوەی دەقی بە کوردیی کراوی کتێبی خولیاومەرگی رەحمانی کورد خولیای کوردستان راگەیەندرا کە:

کارۆل پرۆن هوبێر ئەو کتێبەی سەرەتا بە زمانی سپانیۆلیی نووسیبوو و لە ساڵی٢٠٠٨ لە کاراکاس ، پێتەختی ڤێنێزۆئێلا چاپی کردبوو. نووسەر خۆی ساڵێک دواتر ئەو کتێبەی کردبوو بە ئینگلیزیی و لە ئەمریکا چاپ کرابوو. دوای بڵاوکردنەوەی ئەو کتێبە بە زمانی ئینگلیزیی، رەوانشاد فتاح کاویان لە ٢٠٠٩ئەو کتێبەی کردبوو بە کوردیی.

مەلا عەبدوڵلا حەسەنزادە (حیاکیی) بە مەبەستگەلی سیاسیی ناڕەوا و بە کەڵک وەرگرتن لە وەزعی ناساخیی و حاڵەتی فەرامۆشیی رەوانشاد فتاح کاویان (وەرگێری ئەو کتێبە بە کوردیی ) خەیانەتی بە ئەمانەتێک کرد بوو کە رەوانشاد کاویان پێی‌ئەسپاردبوو.

مەلا عەبدوڵلا لەو بە ناو پێداچوونەوە بە پێداچوونەوەکەی وەرگێردا سەرتاپای ئەو کتێبەی بۆ پاکانەکردن بۆ تێرۆریستەکانی قاتڵی د.قاسملوو و عەبدوڵلا قادریی ئازەر بریاردەران و کارگێرانی تێرۆرو هاوکارە کوردەکانیان و توناکردنی بزووتنەوەی گەلێک کە بۆ ئازادیی بە هەزاران لاوی خۆی کردبوو بە قوربانیی، بۆ خەواندنی پەروەندەی تێرۆری د.قاسملوو و عەبدوڵلا قادریی ئازەر لە دادگەنێودەوڵەتییەکاندا بە بیانووی نەبوونی خەرجی محامی( وەکیلی پەروەندەی تێرۆرکراوان)، شاردنەوەی کاسێتی تۆمار کراو کە د.قاسملوو بە نهێنیی لە خیتابی جەلال تاڵەبانیی بۆ دەسپێکی کۆبوونەوەی بە ناو وتووێژەکە تۆماری کردبوو. ئەمانە چەند نموونەی پچووکن لە هەزاران تەزویری ناوبراو کە لێرەدا باس کراون. بە کورتیی هیچ روداوێکی ئەو تەنزیمە نەبووە کە مەلا عەبدوڵلا حەسەنزادە بۆ خزمەت بە ئیتێلاعاتی سپای پاسداران و وەزارەتی ئیتێلاعات و زانیاریی ینک دژ بە حدکاو تێرۆری رێبەران و ئەندامانی حدکا بەڕێوەی نەبردبێ.

**رێکەوتنی تشرینی یەکەمی ١٩٨٦ تالەبانیی لەگەل باقری ذوالقدر و کردنەوەی دەفتەری سەرەکیی ئیتێلاعات لە یاخسەمەر**

لێکۆڵینەوەکان لە روداوەکانی کوردستان دەیسەلمێنن کە روداوەکانی باشورو رۆژهەلاتی کوردستان وکارەساتگەلی : ئەنفالەکان، کوشتاری بە کۆمەڵی ١٨٢ هەزار مرۆڤی کورد، کارەساتی هەلەبجە، سەردەشت ، تێرۆری رێبەرانی حدکا، ئاشبەتاڵی هەموو تەنزیمەکانی کورد و پەنابردنیان بۆ ئێران ئاکامی رێکەوتنی مانگی دەی ١٩٨٦ نێوان ی.ن.ک و ئیتێلاعاتی سپای پاسداران بووە.

**نەوشیروان مصطفی ئەمی لە خولانەوە لە ناو بازنەدا نووسیویە کە: شەخسی تالەبانیی و سەرانی وەفدەکەی لە تشرینی یەکەمی ١٩٨٦ بە پێی ڕێکەوتنە نەقانوونیی یەکەیان لەگەل باقر ذوالقدر, یەکێتیی نیشتمانییان کرد بە بەشێک لە ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران'.**

**تالەبانیی و سەرانی دیکەی ئەو تەنزیمە بەوە ڕێکەوتنە نەقانوونیی و خێلەکییەیان سەلماندوویانە کە لە سیستمی حکومەتیی، دەوڵەت و دەولەتداریی، دابەش کردنی دەسەڵات و پێوەندە سیاسییەکانی دەوڵەتان ئاشنا نە بوون. تەنیا شوێنێک کە ئەو سیاسییکارانەی ی.ن.ک . لە سیستمی حکومەتیدا ناسیبوویان دەزگای ئیتتیلاعات واتە دەزگای سیخوریی بووە. بۆ شارەزابوون لەو واقعییەتە بڕوانە ئەو سەرچاوانە:**

**١–کتێبی خولانەوە لە ناو بازنەدا کرتە بۆ [ئێرە] بکەو Ctrl دابگرە! لەو کتێبەدا لاپەڕەکانی ١٠١ تا ١١٤ بخوێنەوە کە ڕێکەوتنی تالەبانیی و وەفدەکەی لەگەل باقر ذوالقدری تێدا نووسراوە.**

**باقر ذوالقدر پاسدارێکی تێرۆریست سەر بە ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران بووە. گرنگ ئەوە نەبووە بە ژێنراڵیان ناوبردووە ، واقعییەت ئەوە بووە کە ئەو کابرایە تێرۆریستێکی سەربەئۆدەی کاتەتایبەتییەکان بووە کە کاری سەرەکیی ناوبراو پێوەندیی بە تێرۆری دژبەرانی سیاسیی کوردو القاعدەوە بووە.**

**ناوبراو لەواقیعدا داڕێژەری پلانی تێرۆری ڕێبەرانی حدکاو ئەندامانی تێرۆرکراوی ئەوحیزبە بە هاوکاریی زانیاریی ی.ن.ک و مەلاعەبدوللا حەسەنزادە وە بووە. پێشتر پلانی گرتنی شارەکانی باشوری کوردستان و لکاندنیان بە کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە بە هاوکاریی تالەبانیی لەلایەن محسن رضائییەوە بڵاو کرایەوە. [1]**

**ڕێکەوتنی مانگی دەی ١٩٨٦ نێوان باقری زوالقدرو تالەبانیی پێکهێنەری دەرفەت بۆ خولقاندنی زەمینە ی هەموو کارەساتەکانی کوردستان ۆ دورژیمی بەعس و کۆماری ئیسلامیی ئێران بووە. ئەو بەشەی خوارەوە لە نووسراوەکەی نەوشیروان مصطفی ئەمیندا بخوێنەوە ! ئەوە لە واقیعدا داکۆکیینامەی نەوشیروان مصطفی ئەمین لە خۆی لەبەرامبەر تاوانبارکردنەکەی لە لایەن تالەبانییەوە" بە دنەدانی صدام " بۆ خولقاندنی کارەساتی هەلەبجە بووە کە لە ژێر ناوی "لەهاو خەباتیەوە بۆ تەخوین" بڵاو کراوەتەوە. ئەو داکۆکییکردنەی نەوشیروان لە خۆی و مەحکومکردنەکەی تالەبانیی و وەڤدەکەی دوای بڵاو کردنەوەی راپۆرتەکەی تالەبانیی بۆ پلێنۆمی چواری ی.ن.ک. لە ٢٩–٢٠٠٩/١٠/٣١ نووسراوە.**

**ئەوەش بەشێک لەو نووسراوەیەی نەوشیروان مصطفی ئەمینە کە باس تواندنەوەی تەنزیمی ی.ن.ک. و کردنی بە تابوری پێنجی ڕژیمێک دەکا کە ڕێبەرەکەی فەرمانی جیهادی بەدژی کورد دابوو.**

**تالەبانیی تواندنەوەی ی.ن.ک ی لە ناو ئیتتیلاعاتی سپایپاسداراندا بە "هاوپەیمانیی لەگەڵ دەولەتی ئێران" پێناسەکردبوو.**

**ئەو داکۆکیینامەیەی نەوشیروان مصطفی ئەمین بە ناوی " لە هاوخەباتیەوە بۆ تەخوین" چاردەرۆژ دوای بڵاوکردنەوەی راپۆرتەکەی تالەبانیی بۆ پلێنۆمی چواری ی.ن.ک. نووسراوە.**

**نەوشیروان مصطفی ئەمین لە داکۆکیینامەکەیدا نووسیبووی:**

***"تاڵەبانی لەمێژ بو گەیشتبوە ئەو باوەڕەی ڕژێمی بەعس لە عێراق ئەوەندە بەهێز بوە کە موعارەزەی عیراقی، بە کورد و بەئەویشەوە، لە توانایدا نیە بیرۆخێنێ. باوەڕی وابو روخانی ڕژێمی سەدام بە "عامیلی خاریجی" و بە "هێزی دەرەکی" ئەکرێت. هەر بۆیە بایەخێکی تایبەتی ئەدا بە سوریاو لیبیا بە هیوای سازدانی ئینقیلابی عەسکەری. کە لەوان بێ ئومێد بو پەنای بردە بەر کۆماری ئیسلامی ئێران کە ئەو کاتە لەگەڵ جەیشی عێراق، لە جەنگێکی خوێناویەوە گلا بو، بەشکو بە هاوکاری جەنگی و سیاسی ئیران، عێراق بروخێ.***

***لە چوارچێوەی ئەم ستراتیجیەدا هێشتا مفاوەزاتی یەکیتی بە تەواوی لەگەڵ عێراق کۆتایی نەها تبو، لە هەوڵی دامەزراندنی پێوەندی دا بو لەگەڵ ئێران.***

***دوای چەندین هاتوچوی نوێنەرانی هەردولا و، دوای چەندین هەڵکشان و داکشان لە دانوستانەکانی نوێنەرانی هەردولادا زەمینەی پێکهاتن ساز بو. تاڵەبانی لەگەڵ شاندێکی یەکێتی کە پێک هات بو لە فەرەیدون عەبدولقادر، دکتۆر کەمال خۆشناو، محەمەد تۆفیق رەحیم، شێرڵ حەوێزی...رەفعەت عەبدورەحمان ، چوە تاران.***

***لەمانگی 10 ی 1986 دا لەتاران، بە نوێنەرایەتی یەکێتی لە لایەن تاڵەبانی و بە نوێنەرایەتی ئێران لە لایەن محەمەد باقیر زولقەدر (فەرماندەی ئەوسای قەرارگای رەمەزان) ڕێککەوتنێکی جەنگی و سیاسی و لۆجستی بۆ هاوکاری و هاوئاهەنگی هێزەکانی هەردولا دژی جەیشی عێراق لە هەمو بوارەکان دا ئیمزا کرا.***

***بە پێی ئەم ڕێکەوتنە ئەبو هێزەکانی یەکێتی لە هەمو بوارێکی جەنگی دا، هاوکاری و هاوئاهەنگی لەگەڵ هێزەکانی ئێران بکا و، تا روخانی سەدام درێژە بە شەڕ بدا و بێ ئاگادرای ئێران و ڕەزامەندی ئەو هیچ مفاوەزەو ئاشتیەک لەگەڵ عیراق نەکا.***

---

[1] http://vista.ir/article/341282

***دوای ئەم ڕێککەوتنە زنجیرەیەک عەمەلیاتی عەسکەری هاوبەشی پێشمەرگەی یەکێتی و لایەنەکانی تر لەگەڵ سپای پاسداران بە ئاشکرا لە ژێر ناوەکانی "فەتح" و "نەسر" و "فەجر" ... دەستی پێ کردو بەدوی ئەویش دا دەیان عەمەلیاتی تر ئەنجام درا، کەیەکێکیان "داستانی ڕزگاری" بو لە ناوچەی چوارتا نزیک بارەگاکانی سەرکردایەتی یەکێتی، کە لە ژێر سەرپەرشتی ڕاستەوخۆی خودی تاڵەبانی دا بو، بە هاوکاری و هاوئاهەنگی ڕاستەوخۆ لە گەڵ محەمەد باقیر زولقەدر، دواتر سەرۆکی ستادی سپای پاسداران، و عەلی شەمەخانی، دواتر فەرماندەی نیروی دەریایی ئینجا وەزیری دیفاع.***

***هەر هاوکاریو هاوئاهەنگیەک لە نێوان من یان هەر سەرکردە یان فەرماندە یا پێشمەرگەیەکی یەکێتی لەگەڵ هێزەکانی ئێران کرابێ، بە پێی ئەم ڕێکەوتنە بوە، کە ئاغای تاڵەبانی ئیمزای کرد بو. پاکانە بە بیانوی بێئاگاییەوە لەم عەمەلیاتە، لە لێپرسراوێتی سیاسی و قانونی ئەو کەم ناکاتەوە، هیشتا سەدان کەس لە ئاگادارەکانی ئەو پەیوەندی و هاوکاریانە شایەتی زیندون و، پاکانەش بۆ سەدام و ڕژێمی بەعس، بە بیانوی ئەوەی هەڕەشەی پێشەکیان لێ کردوە، هیچ لە لێپرسراوێتی سەدام و هاوڕێکانی کەم ناکاتەوە، ئەوە دادگای تاوانەکان لە بەغداد خەریکی لێپرسینەوەیە.***

***پێش هەڵەبجە لە چەندین مەیدانی جەنگیدا لە پارێزگاکانی سلێمانی، کەرکوک، هەولێر، دیالە... کاری هاوبەش لەگەڵ ئێران کرابو، ئازادکردنی هەڵەبجە کە بە وێرانکردنی هەڵەبجە و قڕکردنی خەڵکەکەی تەواو بو بەشێک بو لە نەخشەیەکی جەنگیی فراوان بۆ ئازادکردنی ناوچەکانی هەڵەبجە، قەڵادزە، ڕانیە، دوکانو چوارتا... کاتێک کە ئازادکردنی هەڵەبجە لە ئەنجامی کیمیابارن دا بو بە کارەسات، واز لە جێبەجێکردنی تەواوی نەخشەکە هێنرا.***

***پێش هەڵەبجە حکومەتی بەعس کەم جێگەی ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگە هەبو کیمیابارانی نەکردبێ، چەندین ناوچەی لە خۆشناوەتی، بیتوێن، پشدەر، بەری مەرگە، دۆڵی جافەتی، بەری قەرەداغ، بادینان، دەشتی کۆیە، دەشتی کەرکوک... کیمیاباران کردبو. حکومەتی بەعس تەنیا بە تەسلیمبون و کۆتاییهێنان بە شۆڕش دەستی لە کیمیاباران هەڵئەگرت، بە تایبەتی لە سایەی بێدەنگی ئەمەریکاو زلهێزەکانی دنیادا.***

***ئەو هەڕەشەیەی تاڵەبانی باسی ئەکات ئەگەر بەو گەیشتبێت، بە من نەگەیشتوە، چونکە ئەو زەمانە بەعس هیچ ڕێگە پەیوەندیەکی لەگەڵ من نەبو تا ئەو هەواڵەم پێ بگەیەنێ، ئاغای تاڵەبانیش شتی وای بە ئێمە نەوتبو.. ئۆباڵی گوێنەدان بەم هەڕەشەیە، ئەگەر ڕاست بێ، لە ئەستۆی ئەودایە.***

***پێویست ناکات لە سەر کارەساتی هەڵەبجە درێژەی پێ بدەم، چونکە خوالێخۆشبو شەوکەتی حاجی موشیر کتێبێکی لە ژێر سەرناوی "کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجە – بەهاری 1988" لە سەر نوسیوە و ساڵی 1998 لەسەر ئەرکی تاڵەبانی لە سلێمانی چاپی کردوە.***

***هەرکەس ئەو کتێبە بخوێنێتەوە ئەزانی کە:***

***فەرماندەی عەسکەری عەمەلیاتەکە شەوکەتی حاجی مشیر بوە ولێپرسراوی سیاسی عەمەلیاتەکە دکتۆر فوئاد مەعسوم و فەرەیدون عەبدولقادر بون و، لێپرسراوی لۆجستی عەمەلیاتەکە ساڵح محەمەد ئەمین بوە.***

***یەکێ لەو بەڵگانەی لەم کتێبەدا بڵاو کراوەتەوە وێنەی نامەیەکی فوئاد مەعسومە بۆ شەوکەت کە تیا نوسیوە: "هومێدی سەرکەوتنت بۆ دەکەم لە کارە پیرۆزەکە" دا کە ناڕاستیی هەمو قسەکانی تاڵەبانی ئەسەلمێنێ.***

***ئەو زەمانە مەکتەبی سیاسی پێکهاتبو لە 5 ئەندام: سکرتێری گشتی، دو نوێنەری شۆڕشگێران – کە فوئاد مەعسوم و نازم عومەر بون و، دو نوێنەری کۆمەڵە – کە یەکێکیان منو ئەویتریان فەرەیدون بو.***

***عەمەلیاتی وا گەورە کە سەدان فەرماندە و بەرپرسو چەندین لایەنی سیاسی کوردستانیو عێراقی (پارتی، سوشیالیست، بزوتنەوەی ئیسلامی، فەیلەقی بەدر) ی تێدا بەشدار بێت، بارەگای چەندین لایەنی سیاسی ئێرانی (لەوانە دیموکراتو کۆمەڵە) بکەوێتە بەر مەترسی، نەئەکرا بێ ئاگاداریو ڕەزامەندی سەرکردایەتی یەکێتیو بە تایبەتی شەخسی تاڵەبانی ئەنجام بدرێت. خۆ بێئاگاکردنی ئاغای تاڵەبانی لەو مەسەلەیە چەواشەکاریەکی ئاشکرایە لەبەردەم تەوژمی ڕوداوەکاندا خۆی ناگرێت.***

***لەو سەردەمەدا کە ئێمە بە دڵی شکاو و دەرونی بریندارەوە باسی ئەوەمان ئەکرد چۆن هەوڵی "ئازادکردنی هەڵەبجە" بو بە "کارەساتێکی ئینسانی"، ئاغای تاڵەبانی بێ هیچ سڵەمینەوەیەک ئەیوت: "کیمیابارانی هەڵەبجە مەسەلەی کوردی بردە ناو مەیدانی ناودەوڵەتیەوە... ئاخ بۆ دووسێ هەڵەبجەی تر". کۆتایی ئەوبەشە لە داکۆکیینامەکەی نەوشیروان مصطفی ئەمین."***

**لێکۆلینەوە لە امیر منصور بزرگیان یەکی لە تێرۆریستەکانی بەشدار لە تێرۆری د.قاسملوو و عەبدوللا قادرییدا**

**لەلێکۆلینەوەکانی پۆلیسی دادوەریی ودادوەرانی لێکۆلینەوەدا دەرکەوتبوو کە بزرگیان لە گێرانەوەی روداوەکەدا زنجیرەیەک درۆی رێزکردبوو.. درۆکانی ناوبراو بۆ ئاشکراکردنی واقعییەتی روداوەکان، دەوری محمد جعفری صحرارودی ،حاجی مصطفی اجوادی و فازل رەسوڵ کارتێکەر بووە.**

**تێبینیی : بزرگیان لە لێکۆلینەوەی پۆلیسی دادوەرییدا ئیددیعای کردبوو:**

**١– لە کاتی تێرۆرەکەدا لە رێستۆرانی "ماکدونالد" ،خەریکی خواردنی ماسیی و خواردنەوەی کۆلابووە؟!**

**٢– بزرگیان ئیددیعای کردبوو کە لە وتوێژەکانی نێوان هاوکارەکانی خۆی و د.قاسملوودا لە رۆژەکانی ٢٨/١٢/١٩٨٨ و ٣٠/١٢/١٩٨٨و ١٩٨٩ /١ /٢٠ بەشداریی کردبوو. لێکۆلینەوەکان دەیسەلمێنن کە هیچکام لەو ئیددیعایانەی بزرگیان راست نەبوون.**

**لێکۆلینەوەی پۆلیسی دادوەریی لە رۆژی ١٤/٧/١٩٨٩ کاتژمێر ١٠:٤٠ خولەک لە رێستۆرانی ماکدونالد لەمەر بوونی بزرگیان لەوشوینە لە بەرێوەبەرو فرۆشیاری ئەوشوێنە پرسو جۆیان کردبوو.کارگێری بەرێوەبەری ئەو رێستۆرانە بە ناوی ئاڵتونیک و یارمەتیدەرەکەی لە مەنتیقەی ٣ ی شاری ڤییەن رایان گەیاندبوو کە بزرگیان لە رۆژی ١٣/٧/١٩٨٩ کاتژمێر ١٨–١٨:٣٩ نە چووبووە ئەو رێستۆرانە.**

---

**یەکەمین پرسو جۆ لە محمد جعفری صحرارودی**

**محمد جعفری صحرارودی لە مانگی تشرینی یەکەمی ١٩٨٦ دوای رێکەوتنی تالەبانیی و وەفدەکەی لەگەڵ باقر ذوالقدر بەناوی سەرۆکی "دەفتەری سەرەکیی ئێران" ناردرا بوو بۆ گوندی یاخسەمەر و لەوێ جێگیر ببوو.**

**یاخسەمەرناوەندی ی.ن.ک. و شوێنی ژیانی تالەبانیی و بنەماڵەکەی بووە. ئەو شوێنە پێشتر گوندێکی چۆڵکراو لە چەند کیلۆمیتریی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و شوێنی ژیانی د.قاسملوو لە گەورەدێ بوو.**

**محمد جعفری صحرارودی، ئەندامێکی دەزگای ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران و کارگێرێکی کارای پلانەکانی باقر ذوالقدر و محسن رضائیبووە. پێشتر بە دوورو درێژی دەوری باقر ذوالقدر و کردەوە تێرۆریستییەکانی بە کەڵک وەرگرتن لە نووسراوەکانی ابوالحسن بنی صدر ... لە دادگەیەکی ئەمریکا لە پێوەندیی ناوبراو بە زەواهیری رێبەری ئێستای القاعدە باس کراوە.[2] ئەو بەڵگەیە بە زمانی ئینگلیزیی لە لاپەرەی ١٤ تا ١٨ دا نووسراوە. دواتر دەقەکەی بە کوردیی دەخرێتە بەرچاو.**

**_محمد جعفری صحرارودی ، تاوانبارکراو بە تێرۆری د.قاسملوو، لە مانگی تشرینی یەکەمی ١٩٨٦ کرابە سەرۆکی دەفتەرە سەرەکیی ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران و بە ناوی سردار رەحیمی، برادەر جەعفەریی ، ئەمیر و رەفیق و ئەمرۆژانە لە لایەن بە رپرسێکی ینک کراوە بە دوکتور جەعفەر یی. ناوبراو کاتێ کە لە یاخسەمەر بووە کرا بوو بە هەمەکارە ی تەنزیمی یەکێتیی نیشتمانیی و تەنزیمەکانی دیکەی باشوری کوردستان [[3] – [4] ]**

**بەشی دووی لێکۆلینەوە لە صحرارودی دوای بەرێوەبردنی پلانی تێرۆری د.قاسملوو و عەبدوللا قادریی ئازەر لە ١٣/٧/١٩٨٩**

---

**ڤییەن رۆژی ١٩٨٩ /١٣/٧**

**"لێکۆلینەوە لە محمد جعفری صحرارودی"**

**راپۆرتێکی پۆلیسی دادوەریی**

**کاتژمێر سێ‌تا چواروسیخولەکی سەرلە بەیانی رۆژی ١٣ توانرا یەکەمین پرس و جۆ لە محمد جعفری صحرارودی بکرێ.**

---

2 http://azizanpress.com/index/wp-content/uploads/2013/08/banisadar.pdf

3

[4] خولانەوە لە ناو بازنەدا ١١٢-١١٣-١١٤

صحرارودی لە کاتژمێر ؟ لە نەخۆشخانەی کایزەر فرانتس یوزف، بەشی کەپۆ، قورگ و گوێ، سەبارەت بە روداوی رۆژی ١٣/٧/١٩٨٩ پرسیاری لێکرابوو. پرسیارەکان لە ناو براو بە دژواریی ولام درابوونەوە. چوونکە بە وتەی نووسەری راپۆرتەکە صحرارودی ئالمانیی نە زانیوەو ئاخافتنەکەشی بە زمانی ئینگلیزیی زۆر ناتەواو بووە. سەرەرای ئەوە بە هۆی برینداریی‌یەکەیەوە گرفتی ئاخافتنی هەبووە، چونکە زاری بۆ داناپچرابوو. سەرەرای هەموو گرفتەکان گوتبووی :

"لەگەڵ" فازل رەسوڵ رێک کەوتبووین لە شاری ڤییەن یەکتر ببینن بۆ ئەوە سەبارەت بە گرفتی کورد وتووێژ بکەین".

صحرارودی دەڵێ: رۆژی سێ شەممە لەگەل دوو کەسی دیکە لە ڤییەن ( سێ بەسێ ) چوو ینە هۆتێلێک لە نزیک ویستبانهۆف ( وێستگەی شومەندوفێر) کە ناوی هۆتێلەکەی نەزانیبوو.

تێبینیی ئەو وتانەی صحرارودی لەگەل وتەکانی بزرگیان ناتەبان.

بزرگیان ئیددیعای کردبوو: ئەو" تەنیا چوو بوو بۆ ڤییەن و دوو پەیامی بۆ فازل رەسوڵ بردبوو".

پەیامی یەکەم ئەوە بووە : "تالەبانیی بە زۆربڵیی‌خۆی هەموو شتێکی لە قاوداوە."

دووهەم" فازل رەسول دەبێ لە وتوێژەکەدا بەشدار بێ." [1]

وێرای ئەوە، بزرگیان گوتبووی :فازل رەسوڵ بانگهێشت کرابوو کە بچێتە تاران و بلیتێکی پێشفرۆش کراوی بۆ چوونی ناو براو بۆ تاران دابوویە.

صحرارودی دەڵێ: " فازل رەسول و دوو کەسی دیکەی سەربە ناوبراو ، هاتنە مەنتیقەی ٣ ی ڤییە ن لە لینکە بانگاسێ بینای ژمارە ٥ و وێکرا لە ماڵێک، لە کاتژمێر ١٧:٣٠ تا ١٩ یان تا ١٩:٣٠ کۆبووینەوە و سەبارەت بە گرفتی کورد قسەمان کرد."

صحرارودی لە درێژەی وتەکانی‌دا گوتبووی: " من خاوەنی پاسپۆرتێکی سیاسییم و ویستوومە، رێگەیەک بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد وەبینم بۆ ئەوە شەڕێک روو نەدا."

ناوبراو لێی زیادکردوە :" دەبوو رۆژی دواتر( ١٤/٧/ ١٩٨٩) کاتژمێر ١٨ وتوێژەکە بەرەو پێش بچێ. چونکە" فازل رەسوڵ بۆ ئێوارە شێویک لە شوێنێک بانگهێشتن کرابوو. کتوپر دەرگا کرایەوە و گوللە دابارین. بەو هۆیەوە کە پێشتر وەزعەکە باس کرا، نەکرا بە وردیی هەل و مەرجەکە بزانرێ کە ئاخۆ دەرگا لە دەرەوە کرابۆوە یان فازل رەسوڵ دوای ئەوە کە لەدەرکە درابوو کردبوویە."

لەهەرحالدا صحرارودی رایگەیاند کە دوو یان رەنگە سێ کەس بووبن کە هاتبوونە ئۆدەکە و بە پەلە دەستیان بە تەقەکرد و لە چاو تروکانێکدا ئەوکەسانەی دیتبوو". لەبەرئەوە چونکە ئەویش خۆی بە گوللە پێکرابوو لەسەر کورسیی‌یەکە بەربۆوە سەر ئەردەکە و تخێڵ ببوو. لەو رووەوە دەبێ تەقەکەرەکان وایان زانیبووبێ کە ئەویش کوژراوە . لەبەر ئەو هۆیە نەیتوانیبوو دیمەنی تەقەکەرەکان ببینێ و دەڵێ: ئەو کاتە تەنیا توانیبووی باس لە یەکێ لە تەقەکەرەکان بکا کە تەپلەیەکی بەسەرەوە بووە.

کاتێ کە هەموو شت تەواو ببوو ئەویش لە ماڵەکە وەدەرکەوتبوو و لە دەرگای ماڵێکی دابوو کە دراوسێی ئەوشوێنە بووە کە تەقەکەی لێکرابوو و داوای کردبوو پۆلیس ئاگادار بکرێ.

لێرەدا پۆلیس نووسیویە کە : صحرارودی نەیتوانی هیچ زانیاریی‌یەک لە سەر هاوکارەکەی[ حاجی مصطفی اجوادی ] <u>رابگەیەنێ کە چووبووە کوێ؟ .هاو رێکەی دیکەی بە ناوی بزرگیان کە جاری یەکەم پرسیاری لێکرابوو گوتبووی برسیی بووە و بە فازل رەسوڵی گوتبوو کە دەچی شتێک بۆ خواردن بکرێ و چووبوو بۆ ماکدۆنالدوخۆراکی ماسیی کریبوو و کۆڵای بەسەرەو نابوو. بەلام کە لەصحرارودی سەبارەت بە بزرگیان پرسیاری لێکرابوو ، ولامی‌دابۆوە دوای تەقەکە هەستاوەتە سەرپێ بۆ ئەوە داوای یارمەتی بکالە مالەکە وەدەرکەوتبوو، لە ناوماڵەکە و لە رارەوەکەدا چاوی بە بزرگیان کەوتبوو و پرسیاری لێکردبوو کە لەکاتی تەقەکردنەکەدا لە کوێ بووە، وەلامی دابۆوە و گوتبووی :"لەو کاتەدا لە ئاودەست بووە."!!</u>

لێکۆلەرەوە لێرەدا نووسیبووی کە صحرارودی لە چوار و سی‌خولەکدا حاڵی تێک چووبوو. ماندوو ببوو... بە باش زانرا بوو هەرکە حالی باشتر بێ درێژە بە لێکۆلینەوەکەی بدرێ.

"امیر منصور بزرگیان اصل" لە لێکۆلینەوەکەی پۆلیسی دادوەرییش دا گوتبووێ: خۆی لە ژوری کتێبخانەکەدا بووە، برسی بووە و بە فازل رەسوڵی گوتبوو دەچی شتێک بۆ خواردن بکرێ. لەبەر ئەوە چوو بوو بۆ ماکدۆنالد و ئاگای لەو روداوە نەبووە. بەلام محمد جعفری صحرارودی امیر منصور بزرگیانی بەدرۆخستبۆوە و گوتبووی : کاتێ تەقەکەرەکان رۆیشتبوون، ئەو هەستاوەتە سەر پێ و لە ئۆدەکە وەدەر کەوتبوو، لە ڕارەوەکەدا چاوی بە بزرگیان کەو تبوو و لێی پرسیبوو: لاکاتی تەقەکردنەکەدا لە کوێ بووە؟ بزرگیان <u>لەوەلامی ئەو پرسیارەدا گوتبووی:" لە ئاودەست بووە"</u>.!

تێبینی : پۆلیس ناچاربووە زۆرجار پرس و جۆی خۆی لە گومانلێکراوەکان بە پێی زانیاریی کۆکراوە سەرلەنوێ تازەبکاتەوە.

رۆژی ١٩٨٩/٧/١٥ ڤییەن .457S 1B

درێژەی پرس و جۆلە بریندار محمد جعفری صحرارودی لە نەخۆشخانەی کایزەر فرانتس ژۆزێف [5]

لەرۆژی ١٩٨٩/٧/١٥ کاتژمێر ١٤تا ١٥:٣٠ لە نەخۆشخانەی کایزەر (قەیسەر) فرانتس ژۆزێف جارێکی دیکە لێکۆلینەوە لە صحرارودی دەستی پێکرد و توانرا سەبارەت بە روداوەکە لە محمد جعفری صحرارودی پرسیار بکرێ. بۆ نوسینی پرسیارەکان بە هۆی بێ هیزیی‌ناوبراو لە شێوەی گێرانەوەی خەبەریی کەڵک وەرگیرابوو . لەو وتوێژەدا بۆ وەرگێرانی پرسیارو وەلامەکان لە وەرگێرێک کەڵک وەرگیرابوو.

صحرارودی دەلی: نزیک به ٣ سال بوو لەلایەن بەرپرسانی رەسمیی دەولەتەکەمەوە بەرپرسایەتیم پێدرا کە لەگەل رێبەرە جۆراوجۆرەکانی کورد وتوێژێک بەرێوەبەرم. پلانی وتوێژەکە بۆ لێک نزیک کردنەوەی کارگێڕانی حکومەتیی ئێران لەگەل دژبەرەکوردەکانیان بوو. بۆ ئەو مەبەستە من لەزۆر بەشی ئوروپاو ئاسیا لەگەل کورد پێوەندیم گرتووە. لە و دواییانەدا بەرەو پێشچوونێکی باش و نزیکبوونەیەک هاتە ئاراوە. لە وتوێژی ڤییەندا بە تایبەتیی لە دێسێمبری ١٩٨٨ و ژانویەی ١٩٨٩ و مانگی جولای ئەو پێشوەچوونە زۆر باش بوو، بە تایبەتیی لە نزیک بوونەوەو یەکگرتندا بووین. لەهەردوو لاوە بەقبولی دۆزینەوەی رێگە چارەیەک گەیتشتین .سەبارەت بە نهێنی سیاسیی و ئاکامەکانی نامەوێ بدوێم . من چاوەروانم کە دەوڵەتی ئوتریش لەگەل کارگێرانی سیاسیی وڵاتەکەی من بدوێ تا زیاتر لەمەسەلەکە ئاگادار بێ.

درێژەی وتەکانی محمد جعفری صحرارودی لە ١٩٨٩/٧/١٥

پرسیار لە بریندار صحرارودی لە نەخۆشخانە

کاتژمێر ١٤ تا ١٥:٣٠

جارێکی دیکە لە بریندا محمد جعفری صحرارودی لە نەخۆشخانەی کایزەر فرانتس ژۆزێف لە کاتژنێر ١٤ تا ١٥:٣٠ برس و جۆکرا. بۆ نووسینی وتەکانی ناوبراو هێشتا توانایی نەبوو. لەبەرئەوە دقۆکیی وەلامی پرسیارەکان لەلایەن وەرگێڕێکی ئاشنا بە زمانی فارسیی راگوێزرا. لێرەدا صحرارودی دوپاتی کردووەتەوە کە لەگەل فازل رەسوڵ رێک کەوتبوون کە لە ڤییەن یەکتر ببینن و بە تەلەفۆن قەراریان دانابوو. لە چاوپێکەوتنی دێسێمبری ١٩٨٨ و ژانویەی ١٩٨٩ لە لایەنی کوردەکانەوە د.قاسملوو و عەبدوللا قادریی و جەلال تالەبانیی و فازل رەسوڵ و لە لایەن ئێمەوە جێگرەکەم بە ناوی مصطفی اجوادی و خۆم بەشدار بووین.لە مەر کۆبوونەوەی مانگی جولای ١٩٨٩ واتە ئێستا د.قاسملوو وعەبدوللا قادریی و مصطفی اجوادی و دوکتور رەسوڵ بەشدار بوون.هەروا یارمەتیدەرەکەم بە ناوی امیر منصور بزرگیان لە ئاپارتمانەکەدا بوو بەلام لە وتوێژەکەدا بەشدار نەبوو.

لە ١٢/٠٧/١٩٨٩ لە مەنتیقەی ٣ ی ڤییەن لە شەقامی لینکەبانگاسێ لە بینای ژمارە ٥ ئاپارتمانی ژمارە ١٢ دیدارمان کرد و درێژەمان بە گوتوبێژەکەدا. ئۆدەی دانیشتنەکە داخرابوو.

لە ١٩٨٩/٧/١٣ کاتژمێر نزیک بە ١٧:٣٠ وتوێژەکەمان لەو ئۆدەیەدا درێژە پێدا. دەرگای ئۆدەی نشیمەنەکە داخرابوو.یارمەتیدەرەکەم بە ناوی بزرگیان، دەستوری پێدرابوو کە لە ئۆدەی تەنیشت چاوەروان بێ. من ترسێکم لە هێرشی ئیحتیمالیی نەبوو، چونکە د.رەسوڵ بەردەوام دەیگوت: ئوتریش(نەمسا) ولاتێکی زۆر ئەمنە وجێی مەترسیی نییە.

دوای ئەوە کە وتوێژەکە بەرەو کۆتایی دەچوو و ئێمە رۆژی هەینیی( ١٩٨٩-٧-١٤) کاتژمێر ١٨:٠٠ مان بۆ دەورێکی دیکەدیاری کردبوو. دەرگای ئۆدەی نشیمەن کرایەوە و گەنجێکی نەناسراو کە من ناتوانم لە نزیکەوە پێناسەی بکەم ، جیالەوە کە بڵێم تەپلەیەکی بەسەرەوە بوو وەژور کەوت. ئەو کەسە لولەی دەمانچەکەی کە ناتوانم ئەوەش پێناسەبکەم راست رۆلەمن کرد و بێ راوەستان تەقاندی. *"ئەو گوللەیە وەزارم کەوت و من دوای ئەوە راستەوخۆ لەسەرکورسییەکەم بۆ ژێر میزەکە بەربوومەوە."* دوای ئەوە من زۆر تەقەی دیکەم گوێلێبوو، کە ژمارەکەیان ناتوانم بلێم. لە ژمارەی تەقەکانەوە دەتوانم بڵێم کە تەقەکەرەکان دوو - سێ کەس بوون کە هاتبوونە ناو ژوری دانیشتنەکە. لەمەر ئەو قسانەی کە ئەو کەسانەپێکەوە دەیان کرد من هەرئەوەدەزانم کە یەکیان دەیگوت: "ئەوەو ئەوەو ئەوە لەگەل خۆت بێنە" !

5 Kaiser Franz Josef Spital

دوای ئەوە کە "پیاوەکان لە ئۆدەکە وەدەرکەوتن، بروکەیەک مامەوە، هەستامە سەرپێ ولە ئۆدەی دانیشتنەکە وەدەرکەوتم. لەو کاتەیدا کە من کەوتبوومە ژێر میزەکە ئازارێکی زۆرم لە زارو قورگم دا هەبوو بەردەوام خوێنم تف دەکردەوە و لە گەڵ بێهێزییو حاڵەتی لە هۆشخۆچوون بەربەرەکانییم دەکرد.

بەدوای ئەوەدا کە من ئۆدەی دانیشتنەکەم جێهێشت لە ئۆدەی تەنیشتی ئۆدەکە دوو هاوولاتییەکەیخۆم لە دالانی ڕێرەوەکەدا دی کە وەستا بوون. ئەو دووەوە هیچیان لێ نەهاتبوو. من لێم پرسین ئەی ئێوە لەوکاتەیدا کە پیاوەکان خۆیان بە ژوورەکەدا کرد لە کوێ بوون؟ من خۆم وەلامێکی دڵخۆشکەرم لەوان وەبیرنایە.دوای ئەوە من ڕوخام و بە بەدیواری ئۆدەکە داکەوتم. من هەوڵمدا کە ئەو دووە پۆلیس ئاگاداربکەن. من دەمزانی کە اجوادی زمانی ئینگلیزیی نازانێ و من وشەی پۆلیسم بۆ دووپات کردەوە. ئەو پێی گوتم پۆلیسی چی ؟ پۆلیس دەتوانێ چی بکا و لەگەل بزرگیان وێکرا ئۆدەکەیان بەجێهێشت. ئەوان یارمەتییان نەدام . من سەرم <u>لەوە سوڕمابوو کە من بریندار بووم و ئەوان یارمەتییان نەدام و جێیان – هێشتم.</u> S4631B

بۆ ماوەیەکی کورت لە ماڵەکەدا درێژ بووم دوای ئەوە هەستام و هەر لەوقاتەدا لە دەرگای ئاپارتمانی ڕوبەرووم دا . خانمێک دەرگای کردەوە وو تکام لێکرد پۆلیس ئاگاداربکا و بە پلیکانەکاندا بەرەو قاتی خوارەوە چووم و لەبیناکە وەدەرکەوتم. دور لە ماڵەکە دوکتورێک و خانمێک فریام کەوتن.لەو بەینەدا یان کەمێک پێشتر امیر منصور بزرگیان هات بۆلام و من پاسپۆرتەکەم و بەستەپۆلێک ( ۹۰۰۰) دلاری کە پێم بوو دام بە ناوبراو. ئەوە بە ڕەزامەندیی خۆم بوو کە دامێ بۆ ئەوە لەرێی چوون بۆ نەخۆشخانەدا بزرنەبن. مصطفی اجوادییم ئێدی نەدیتەوە. لەمەر ئەو ە کە رام گەیاند کە اجوادی و بزرگیانم لە دوای تەقەکە وکاتی چوونەدەرەوە لە ئاپارتمانەکەدا دیتووە ، بەوجۆرەی کە بە من گوترا بزرگیان گووتوویە لە کاتی تەقەکردنەکەدا لە ڕێستۆرانێک بووە ئەوەم بۆ قبول ناکرێ چونکە ئەو دەبوو من ئاگادار بکا.

لەمەر مصطفی اجوادی دەبێ بڵێم کە ئەویش لە وتوویژەکەدا بەشدار بوو، کەی و بۆچی بە ئاشکراو بەر لە تەقەکە ئۆدەکەی جێ هێشتبوو نازانم.<u>ڕەنگە ئەویش بەرلەوەی تەقەکەرەکان هاتبن چوو بێتە ئاودەست.S5–465</u>

---

zurückzukommen. An diesem Montag traf ich auch Dr. Fasel RASOOL und überbrachte ihm die zwei Botschaften meiner DER VORSCHLÄGE (F Regierung.

1) TALABANI hätte mit seiner Geschwätzigkeit alles verraten und

[1] 2) anstatt TALABANI sollte Dr. RASOOL an den Besprechungen teilnehmen.

## ئاکامی لێکۆلینەوە کانی پۆلیسی دادوەریی لە وتەکانی محمد جعفری صحرارودی و بزرگیان لە لە ۱۳ و ۱٤ مانگی ۷

هەر لەیەکەم ساتەکانەوە لێکۆلینەوەکان دەریانخستووە کە منصور بزرگیان و صحرارودی لە گێڕانەوەی داستانەکەیاندا درۆیان کردبوو.
هیچکام لەو دوو کەسە باسیان لەرێکخستنی وتوویژەکان و دەوری تالەبانیی ، ئەحمەد بنبێلا و نەوشیروان مصطفی ئەمین ، فازل ڕەسول بەشداریی کردنی شازاد سائیب و خەسرەو خاڵ و ڕێکخەری پلانی وتوێژەکان و شوێنی وتوێژەکان و پاسەوانەکان نەکردبوو. ئەو واقعییەتەش کە بیرۆکەی وتوێژ لەکوێوە سەری هەڵدابوو لە یەک دێری صحرارودییدا کە گوتبووی لەسێ ساڵ بەر لەورووداوەوە کاری بۆ کرابوو باس کراوە.
سەرەتای هەوڵەکان بۆ تێرۆری د.قاسملوو لە یەکەمین ڕۆژی پێوەندیی گرتنەکانی تالەبانیی بە ئیتتیلاعاتی سپای پاسدارانەوە دەستی پێکردبوو. بەڵگەنامەکان لە پێداچوونەوەدا بە پێداچوونەوەکەی مەلاعەبدوللا بە وەرگێردراوی کتێبی خولانەوە لە ناو بازنەدا و لە نووسینەکانی نەوشیروان مصطفی کەسایەتیی ژمارە ۲ی یٚ.ن.ک.لە لاپەرەکانی ۱۰۳–۱۰٤–و ۱۰۵ دا و لە هێنانی صحرارودی بۆ یاخسەمەر دوای ڕێکەوتنی مانگی تشرینی یەکەمی ۱۹۸٦ و لە داکۆکییناmەکەی ناوبراودا لە ژێرناوی لە هاوخەباتیەوە بۆ تەخوین و لە ڕاپۆرتی تالەبانیی بۆ پلێنۆمی ٤ ی.ن.ک. لە ۲۹–۳۱/ ۲۰۰۹/۱۰راشکاوانەتر باسی کراوە. دەقی ڕێکەوتنەکەی تالەبانیی و وەفدەکەی لەگەل باقری ذوالقدر و ئیقرارو ئیعتیرافی تالەبانیی و نەوشیروان مصطفی بە کردنی یەکێتیی نیشتمانیی بە بەشێک لە ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران و بریاری لکاندنی باشوری کوردستان بە ئێرانەوە لە نووسراوەکانی تالەبانیی و نەوشیروان مصطفی و محسن رضائی و نامەنهێنییەکانی تالەبانیی بۆ ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران، کردنی مەلا عەبدوللا بە جاسوسی سپای پاساران وجاسووسیی کردنی بۆ تێرۆریستەکان بۆ تێرۆری ڕێبەرانی حدکاو سەدان ئەندامی ئەو حیزبە و دەیان و بگرە سەدان بەڵگەنامەی دیکە، جێیەکی بۆ ئینکار و حاشای سەرانی ینک و مەلا عەبدوللا نەهێشتووەتەوە. ئەوەی کە لەسەر ئەوکارەسات و ڕوداوانە نووسراون بە پێی بەڵگەنامەکانی ئاشکرای سەرانی ی.ن.ک و شەخسی مەلا عەبدوللا حەسەنزادە بووە.
ئیددیعاکانی صحرارودی بۆ بریندار بوونەکەی بە گوللەیەک کە گوتبوویە لەزاری درا بوو،درۆیەکی ئاشکرابووە ئەو واقعییەتانەلە وتەکانی ئەتاوانبارکراوە بەتێرۆری د.قاسملوو و عەبدوللاقادریی دواتر بەروونی لە لایەن پزیشک و پسپۆرەکانەوە ڕەت کراونەوە: پێشتر سەبارەت بە پێکرانی صحرارودی بەگوللەیەکی کەوانەکردووی وێلەکیی ڕون کرایەوە. لە عالەمی واقیعدا ئەوە نالوێ کە گولەیەک ناوزاری کەسێک بپێکێ ددانێک نەشکێنێ، لا شەویلاکەی هەڵنەگرێ، لە پشی ملی وەدەرنەکەوێ و بریندار بتوانی دوای پێکرانی قەسەبکا. بۆ قسەکردن گەرانی زمان و لێوو و وشیاریی پێویستە. صحرارودی لەساتەکانی یەکەمی برینداربوونەکەدا قسەی کردبو.
پزیشکەکان لەیەکەم دیدارەکاندا ئەو واقعییەتانەیان دەزانی ، بەلام بەر لەوەی نەزەری پزیشکەکان ڕابگەیەندری دەزگای سیاسیی ولاتی ئوتریش لە ژێر گوشاری کۆماری ئیسلامیی ئێران بریاری ناردنەوەی سەرۆکی تێرۆریستەکانی دا و بەرەو تاران ئیسکۆرتیان کرد. دواتر شرۆڤەی ڕوداوەکان باس دەکرێن.




باسکی پێکراو و باخەڵی بەخیەکردووی صحرارودی و هەڵکشانی تەڵەزمە قورقوشمی گوللەکە تا بن مل و هەلکشانی بەرەو قورگ و ناوزاری و دۆزرانەوەی تەڵەزمە قورقوشمەکە کە صحرارودی تفی کردبۆوە لە ناو گوڵدانێکی نێو ئۆدەکە دوای ناردنەوەی صحرارودی لە لایەن پۆلیسی دادوەرییەوە لە ئۆدەی دانیشتنەکەدا دۆزرایەوە . ئەوەش درۆکەی صحرارودیی کە گوایە گوللەکە لە ناو زاری درابوو ئاشکرا کرد.



وێنەی امیر منصور بزرگیان بادیگارد(لەشپارێزی) محمد جعفری صحرارودی

درێژەی دەبێ
٢٦ /٦/٢٠١٧

**تکایە لە بڵاوکردنەوەی ئام بابەتەدا ئاماژە بەسەرچاوەکەی بکەن.**
**نووسەر بەرپرسی وشە بەوشەی ئەم بابەتەیە.**